حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار
نووسینگەی وەزیر

حكومة اقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة البلديات والسياحة
مكتب الوزير

Kurdistan Regional Government – Iraq
Ministry of Municipality & Tourism
Minister's Office

ژمارە: ٨٠٩
ڕێکەوت: ١٢ / ٨ / ٢٠٢٤

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
نووسینگەی تایبەت
دەرچوو
Ministry of Municipalitiy & Tourism

## بۆ/ دەستەی گەشتوگوزار

## بابەت/ مەرج و بەرزەفتەی دروستکردن و دانان و ڕێکخستنی کەپری گەشتیاری لە ناوچە گەشتیارییەکان

نووسراوتان ژمارە (٢٦٠ لە ٢٠٢٣/١٠/١٠).

هاوپێچ وێنەیەک لە مەرج و بەرزەفتەی دروستکردن و دانان و ڕێکخستنی کەپری گەشتیاری لە ناوچە گەشتیارییەکان دوای پێداچوونەوەی لە ڕووی یاسایی و پلانسازیەوە و ئامادەکردنەوەی لەلایەن وەزارەتمانەوە بۆتان دەنێرین بۆ پەیڕەوکردن و ئەنجامدانی کاری پێویست.

لەگەڵ ڕێزدا...

ساسان عەونی
وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار
٢٠٢٤/٨/

وێنەیەک بۆ:
- نووسینگەی وەزیر.
- بەڕێزان ڕاوێژکاران (د. شەرمین علی ابراهیم) و (مفیدە یونس مصطفی)/ بۆ ئاگاداریتان/ لەگەڵ ڕێزدا.
بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەخشەدانانی ئاوەدانی/ بۆ ئاگاداریتان/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری یاسایی/ بۆ ئاگاداریتان/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی (هەولێر- سلێمانی- دهۆك- هەڵەبجە- گەرمیان- ڕاپەرین- سۆران- زاخۆ)/ بۆ ئاگاداریتان/ لەگەڵ ڕێزدا.
-سەرۆکایەتی شارەوانی (هەولێر- سلێمانی- دهۆك- هەڵەبجە- کەلار- زاخۆ- سۆران- ڕانیە)/ بۆ ئاگاداریتان/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی نەخشەدانانی ئاوەدانی (هەولێر- سلێمانی- دهۆك- هەڵەبجە- گەرمیان- ڕاپەرین- سۆران- زاخۆ)/ بۆ ئاگاداریتان/ لەگەڵ ڕێزدا.

*L*

# مەرج و بەرزەفتەی دروستکردن و دانان و ڕێکخستنی کەپری گەشتیاری لە ناوچە گەشتیارییەکاندا

پاڵپشت بە یاسای گەشتوگوزار ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٢، بە مەبەستی پەرەپێدان و ڕێکخستنەوەی ناوچە گەشتیارییەکانی کەناری ڕووبار و سەرچاوە ئاوییەکان، کە خواستی دروستکردنی کەپر لەو شوێنانە لە زیادبووندایە و دەتوانرێت لەم ڕووەوە بەرچاوبوونی ناوچە گەشتیارییەکان بە شێوەیەکی زیاتر بەرز بکاتەوە و ڕۆڵی بەرچاو بگێرێت لە لایەنی جوانکاری و کارایی و ئابووری، لەبەر پێویستبوونی ڕێنمایی تایبەت بۆ ڕێکخستن و پێدانی مۆڵەت لەم شوێنانە و لەپێناو پاراستنی تەندروستیی گشتی و سەلامەتیی گەشتیاران و هاووڵاتییان، بۆیە ئەم مەرج و بەرزەفتەی خوارەوەمان دەرکرد:

## بڕگەی یەکەم/ مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە:

**١-کەپر :-** پەیکەرێکی ئەندازەیی سادەیە ، لە کەرەستەی بەردەوام و دۆستی ژینگە دروست دەکرێت، بە پێوانەی جیاواز و شێوەی ئەندازەیی جیاوازی وەک: (چوار گۆشە، لاکێشە، شێوەی بازنەیی، ...هتد) کە لەگەڵ سروشتی ناوچەکە بگونجێت و هاوسەنگیی تەلارسازی و ڕێزگرتن لە ژینگەی دەوروبەر بپارێزرێت، بە بەکارهێنانی کەرەستەی بیناسازیی ناوخۆیی، هەروەها ڕێزگرتن لە توخمە مێژوویی و کولتوورییەکانی ناوچەکە، لە کاتی دیزاینکردنی کەپرەکان و پێویستیی شوێنەکە، پاڵپشت بە یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان، بە شێوەیەك کە بەرگەی بارودۆخی ژینگەیی بگرێت و سەربەخۆیی ڕێژەیی و کاتی بە خێزان و تاکەکەس یان چەند کەسێک بدات، کاتی حەوانەوەیان لە شوێنە گەشتیارییەکاندا.

**٢- کەپری دروستکراو (واقع الحال):** ئەو کەپرانەی کە لە ڕابردوودا دروستکراون (واقع الحال)ـن، بە بێ پلان و بەدەر لە ڕێنمایی دانراون و مەرجی سەلامەتی و تەندروستیی گشتی و خزمەتگوزاریی پێویستیان تێدا نییە.

**٣- کەپری نوێ:** ئەو کەپرانەی لە چوارچێوەی ئەم مەرج و بەرزەفتەیە و پاڵپشت بە یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان مۆڵەتیان پێ دەدرێت.

**٤- لیژنەی پشکنین:** لیژنەیەکی تایبەتمەندە، لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی گەشتوگوزار پێک دەهێنرێت بە ئەندامیەتی لایەنە پەیوەندارەکان، ئەرکی لیژنەکە، ئەنجامدانی پشکنین بۆ واقع حالی کەپرەکان و

بەدواداچوون بۆ شوێنەکانە لە چوارچێوەی ئەم بەرزەفتەیە و هەر ئەرکێکی تر کە لەلایەن سەرۆکی دەستەی گەشتوگوزار و بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی گەشتوگوزار پێیان ڕادەسپێردرێت.

**٥- لیژنەی دیاریکردنی ماوە:** لیژنەیەکی تایبەتمەندە، لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی گەشتوگوزاری پەیوەندیدار بە ئەندامیەتیی لایەنە پەیوەندارەکان پێك دەهێنرێت، ئەرکی لیژنەکە، دیاریکردنی ماوەی پڕۆژەی کەپرەکانە و پێداچوونەوەیە بە کرێی ساڵانەی بەپێی یاسای ژمارە (١ ی ساڵی ٢٠٢١) فرۆشتن و بەکرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت و ڕێنمایی دارایی.

## بڕگەی دووەم/ مەرجەکانی دروستکردنی کەپری نوێ و ڕێکخستنەوەی کەپری دروستکراو( واقع الحال).

<u>**١: مەرجەکانی دروستکردنی کەپری نوێ:**</u>

**أ: مەرجی گشتی بۆ هەڵبژاردنی پێگە و ژمارەی کەپر:**

١- پارچە زەویی دیاریکراو، موڵکی تەواو بێت، یاخود موڵکی میری بێت بەشێوەی گرێبەست یان بە مەبەستی وەبەرهێنان تەرخان کرابێت، بەپێی پێویستیی ناوچەکە و پاراستنی هاوسەنگیی تەلارسازی و ڕێزگرتن لە ژینگەی دەوروبەر و بەکارهێنانی کەرەستەی بیناسازیی ناوخۆیی و ڕێزگرتن لە توخمە مێژوویی و کولتورییەکانی ناوچەکە، لە کاتی دیزاینکردنی کەپرەکان لە چوارچێوەی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکاندا.

٢- کەپر وەک پڕۆژە لەسەر ڕووبەرێکی دیاریکراو لە نزیک ڕووبار و تاڤگە و سەرچاوە ئاوییەکان بە ژمارەیەکی دیاریکراو لەپاڵ یەکتر یاخود بە شێوەی جیاجیا دروست بکرێت بەپێی دیزاینێکی ئەندازیاریی پەسەندکراو کە ڕێگر نەبێت بۆ شاردنەوەی دیمەنە سرووشتییەکان، یاخود وەک بەشێک لە پڕۆژەیەکی گەشتیاری دەبێت یەکپارچەیی پێکهاتەیی لە دروستکردنی کەپر، بۆ ئەوەی بەرگەی بارودۆخی ژینگەی ناوخۆیی بگرێت، لەوانە: لافاو، بوومەلەرزە و هاتوچۆی زۆر. لە حاڵەتی پێویست و تایبەتدا بەهۆی کاریگەریی کەشوهەواوە، دەکرێت کەپرەکان بە شێوەی گواستراوە دروست بکرێن.

٣- تەرخانکردن و دەستنیشانکردنی زەوی و ژمارەی کەپر و قەبارەی ئەم جۆرە پڕۆژانە بەپێی دراسەت دەبێت کە پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی گەشتوگوزار یان فەرمانگەی گەشوگوزاری تایبەتمەند و وەک پرۆپۆزەڵ پێشکەش دەکرێت و ڕای لایەنە پەیوەندارەکان لە ناو سنووری شارەوانی و دەرەوەی

سنووری شارەوانی وەربگیرێت، بەپێی پەیوەندییان لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان لە چوارچێوەی یاسا و ڕێکار و ڕێنماییە بەرکارەکاندا.

٤- شوێنی گونجاو بۆ دروستکردنی کەپر لە (نزیک تاڤگە، نزیک ڕووبار، شوێنی گەشتوگوزاری جیاواز "مميز")، ئەو شوێنانەی نزیک ڕووبار و تاڤگەن کەپریان لێ دروست دەکرێت، کە لە دەرەوەی سنووری تاڤگەکان بێت و بە جۆرێک ڕێگر نەبێت بۆ دانیشتن و هاتوچۆی گەشتیار و ڕێگر نەبێت لە بینینی دیمەنە سروشتییەکان وەک تاڤگە و باخچە و شوێنە شوێنەوارییەکان و بە ڕەچاوکردنی قەدەغەکراوی ڕووبار و سەرچاوە ئاوییەکان بەپێی ڕێنماییەکانی لایەنی پەیوەندار و ڕەچاوکردنی سەلامەتیی هاووڵاتییان.

٥-ئەو شوێنانەی نزیک ڕووبارن (کۆرنیش) دروست بکرێت، لەگەڵ سیاج کە تەنیا ئاسن یان دار یان هەردووکیانی تێدا بەکار بێت، یاخود بەربەست کە بەرزییەکەی لە (٧٠سم) کەمتر نەبێت بۆ ڕێگریکردن لە کەوتنەخوارەوەی منداڵ، یان مەدرەجکردنی شوێنەکە بەپێی پێداویستی و چوونە ناو ئاو.

٦- ڕێگای گشتی بۆ گەیشتن بە کەپر ئاسان بێت و ئاستەنگی تێدا نەبێت. هەروەها ڕەچاوکردنی کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت بۆ گەیشتن بە کەپرەکان و ڕەچاوکردنی ئاسانکاریی ڕێڕەوی تایبەت بۆ بەکارهێنەرانی پیادە لە ڕووی ڕێڕەو و قادرمە و ڕەمپە بۆ سەردانیکەرانی خاوەن پێداویستیی تایبەت و بەساڵاچووان. هەروەها دروستکردنی کەپر، کاریگەریی نەرێنی نەبێت لەسەر شەقامی گشتیی ناوچەکە و نەبێتە هۆی پچڕانی هاتوچۆی شەقامەکە و دروستبوونی جەنجاڵیی هاتوچۆ.

٧- پێویستە کەپر لە کەلوپەلی بیناسازیی هاوڕێی ژینگە دروست بکرێت و بتوانرێت هەڵبگیرێتەوە، بگونجێت لەگەڵ سروشتی جێگاکە و کاریگەری لەسەر جوانی و ڕێژەی سەوزایی شوێنە گەشتیارییەکان نەبێت، بەجۆرێک کە تەواوکەری یەکتر بن، هەروەها ڕووبەری سەوزایی ڕەچاو بکرێت، بەمەرجێک لە (٧٠%)ی کۆی گشتیی زەویەکە کەمتر نەبێت.

**ب: تایبەتمەندیی پێکهاتە و خزمەتگوزارییەکانی پەیوەست بە کەپر:**

**١- پێکهاتەکانی پرۆژەی کەپر:**

پرۆژەی کەپر بە لایەنی کەم بریتییە لە (بەڕێوەبردن، چاودێری ،کەپر،کۆگا، تواليت، مینی مارکێت، تابلۆی زانیاری، پارکی وەستانی ئوتۆمبێل، محەجەرە و بەربەست، سیستەمی ژێرخان و خزمەتگوزارییەکان، ...هتد ) و ئەگەر بەشێک بێت لە پرۆژەیەکی گەورەی گەشتیاری، بەپێی تایبەتمەندی پرۆژەکە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت بە ڕەچاوکردنی ڕێنمایی و بەرزەفتە بەرکارەکان.

## ٢- دیزاینی کەپر:

أ. سەقفی کەپرەکان ناکرێت ڕێک بە ئاسۆیی دروست بکرێن، بەڵکوو شێوەی کەوانە یاخود سێگۆشەی هەبێت.

ب. بەرزیی زەویی کەپر لەسەر ڕووی زەوی لە (١٨ سم) کەمتر نەبێت.

ج. شوێنی هاتوچۆی کەسی تەندروست و خاوەن پێداویستی تایبەت ڕەچاو بکرێت.

د. ڕووبەریان جۆراوجۆر بێت بەپێی ڕووبەری گشتیی زەوییەکە لە نێوان (٩ م٢ ،١٢م٢ ، ١٥م٢ ،...هتد).

ه. بەرزی کەپـــر لە نێوان (٢,٢ تاکو ٢,٥) مەتر بێت.

و. ناوبڕی کەپرەکان (١,٢ مەتر) بێت بۆ پاراستنی تایبەتمەندیی گەشتیاران.

ز. ڕێڕەوی هاتن و چوون (١,٢ مەتر) کەمتر نەبێت و لە کەرەستەی پارێزەر و نەخلیسکێنەر ڕووپۆش بکرێت و کۆنکریت نەبێت، هەروەها ڕەچاوکردنی ئاسانکاریی ڕێڕەوی تایبەت بۆ بەکارهێنەرانی پیادە لە ڕووی ڕێڕەو و قادرمە و ڕەمپە دەسک و ڕاگر بۆ سەردانیکەرانی خاوەن پێداویستی تایبەت و بەساڵاچووان.

ح. ئەو کەرەستانەی بۆ دروستکردنی کەپرەکان بەکاردێت، پێویستە لەگەڵ سروشتی ناوچەکەدا بگونجێت، بان و تەنیشتەکانی کەپر باشتر وایە بە داروباری سروشتی بێت. هەروەها بەکارهێنانی کەرەستەی بەردەوام و دۆستی ژینگە لە بیناسازیدا.

ط. کەرەستەی بەکارهاتووی پەیکەر و سەقف و ناوبڕ (تەختە ، قامیش، مورتک... هتد) بێت.

ي. ئەرزیەی زەوی کەپرەکان ڕووپۆش بکرێت بە کەرەستەی پارێزەر و نەخلیسکێنەر.

ك. دابینکردنی سیستەمی ڕووناککردنەوەی گونجاو لە شەواندا.

ل. دابینکردنی سیستەمی ئاو و ئاوەڕۆی گونجاو، تێکەڵنەکردنی بە ڕووبار و سەرچاوە ئاوییەکان.

م. دابینکردنی سیستەمی کامێرای چاودێری و خزمەتگوزاریی ئاسایش.

ن. دابینکردنی سیستەمی سەلامەتی لە ڕووی ئاگرکەوتنەوە و دیاریکردنی شوێنی برژاوەکان و ئامادەکردنی خواردن بە جیا.

س. دابینکردنی بەشی کارگێڕی و خزمەتگوزاری بۆ بەڕێوەبردنی شوێنەکە وەك بەشێك لە پێکهاتەی پڕۆژە.

ع. دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی وەک (فریاگوزاریی سەرەتایی، شوێنی تایبەت بە بارگاوی کردنی ئەو ئۆتۆمبێلانەی بە کارەبا کار دەکەن) هەروەها دامەزراندنی مەلەوانێک (ڕزگارکەر) کە بەردەوام لەو شوێنە ئامادە بێت بۆ ڕەچاوکردنی سەلامەتیی گیانی گەشتیاران.

ف. دانانی تابلۆ و هێمای تایبەت بە ڕێکخستن و کارئاسانی هاتوچۆی ئۆتۆمبێل و گەشتیاران، وەک:

- دانانی تابلۆی ڕێنمایی لە شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێل لە چوونە ژووری پرۆژەکە (دەروازەی پێگە).
- لە دەروازەی چوونە ژوورەوەی هەر کۆمەڵە کەپرێک، پێویستە تابلۆیەکی ڕوون و ئاشکرا دابنرێت کە (ناوی شوێن، ژمارە مۆبایل، نرخی کەپر، ژمارەی خزمەتگوزاری فریاکەوتن و شوێنە پێوستییەکان) هەبێت.
- نووسینی سەر تابلۆ و هێماکان بە زمانی کوردی بن.
- دانانی هێماکانی ئاگادارکردنەوە بەپێی پێویستی جێگاکان.

ص. دابینکردنی خزمەتگوزاری (توالێت) بۆ هەر دوو ڕەگەز بەپێی ستانداردی هونەری و مەرجی مۆڵەتی بینا. ژمارەیان بەپێی قەبارەی پرۆژەکە دیاری دەکرێت، بە شێوەیەک بۆ هەر چوار کەپرێک (یەک توالێت و حەمام)ی هەبێت بە هەردوو شێوازی غەربی و شەرقی و کەرەستەی بەکارهاتوو نابێت سروشتی ناوچەکە تێک بدات. هەروەها بەردەوام پاراستنی خاوێنیی دەستشۆر و توالێتەکان ئەنجام بدرێت .

ق. دابینکردنی شوێنی نوێژکردن بەپێی قەبارەی پرۆژەکە.

ر. جێگیرکردنی سەرچاوەی وزەی نوێبووەوە وەک پانێلی خۆر بۆ ڕووناکی و پێداویستییەکانی تری وزە.

ش. دابینکردنی گەراجی تایبەت و شایستە لە شوێنی پرۆژەکان بۆ ئۆتۆمبێلی بچووک و گەورە (پاس). بە شێوەیەک زەوییەکەی بە سروشتی خۆی بمێنێت، ئەگەر پێویستی بە ڕێکخستن بێت، ڕێک بخرێت. ئەگەر ژمارەی کەپر لە (١٠) کەپر زیاتر بێت، مەرجە گەراجی ئۆتۆمبێل دابین بکات.

**ج: میکانیزمی بەڕێوەبردن:**

١.دابینکردنی بەشی کارگێڕی و خزمەتگوزاری بۆ بەڕێوەبردنی شوێنەکە. هەروەها بۆ ئیدارەی کەپرەکان پێویستە کارگێڕی شوێنەکە، شارەزایی لە بەڕێوەبردنی بنکەی گەشتیاری هەبێت یاخود خولی تایبەت بە ئیدارەکردنی وەرگرتبێت.

٢.دانانی چاودێریی بەردەوام چاودێر (مراقب) کە ڕاهێنراو بێت و بزانێت چۆن لەگەڵ گەشتیاراندا مامەڵە دەکات، بە ئامانجی پاراستنی ژینگە و ڕێنوێنیکردنی گەشتیاران.

٣. ئەو کرێکارانەی لەو شوێنانە کار دەکەن ، خولی خزمەتگوزاری و ڕەفتارکردنیان لەگەڵ گەشتیار ئەنجام دابێت، ئەگەر خولی وەرنەگرتبێت، دەبێت بەڵێننامە بدات بۆ بەشداریکردنی لەو دوو خولە و لە ماوەی سێ مانگدا بڕوانامەی بەشداریکردن بەدەست بهێنێت، هەروەها جلوبەرگیان گونجاو بێت.

٤.دەبێت ڕێژەی (٧٥٪)ی کارمەندانی خۆماڵی بن.

٥. دیاریکردنی نرخی بەکرێدانی کەپرەکان بۆ هاووڵاتییان بەپێی شوێن و جۆری خزمەتگوزاری دەبێت، لە ڕێگەی لیژنەی دیاریکردنی ماوە لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی گەشتوگوزار لە پارێزگا و ئیدارەسەربەخۆکان، دواتر لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی گەشتوگوزاری پەیوەندار بەرز دەکرێتەوە بۆ سەرۆکی دەستە بە مەبەستی پەسندکردنی لە چوارچێوەی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان.

٦. مۆڵەتی کارکردن بە ناوی هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستانەوە دەبێت.

٧.خاوەن مۆڵەت بەرپرسە لە پاراستنی پاکوخاوێنی بەردەوامی شوێنەکان و ناوچەی دەوروبەر و سەلامەتیی گەشتیاران.

٨. خاوەن مۆڵەت بەرپرسە لە دابینکردنی پێداویستیە سەرەتاییەکانی گەشتیار.

## <u>٢- مەرجەکانی ڕێکخستنەوەی کەپری دروستکراو ( واقع الحال):</u>

بۆ پاراستنی مافی خاوەن ئەو کەپرانەی کە لە پێشوودا دروست کراون، هەروەها بۆ ڕێکخستنەوە و پاراستنی ناوچە گەشتیارییەکان بەڵام لە هەمان کاتدا پێویستە سەلامەتیی گەشتیار لە پێشینەی کارەکان دابنرێت. بۆ ئەم مەبەستە دەستەی گەشتوگوزار لەڕێی لیژنەی پشکنین لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی گەشتوگوزار پشکنین بۆ واقع حالی کەپرەکان بکەن لە سنووری دەسەڵاتیان، ژمارەی کەپرەکان و شوێنیان سەبارەت بە ڕووبار و سەرچاوە ئاوییەکان دیاری بکەن، هەروەها پابەندبوونیان بە مەرجی سەلامەتیی گشتی لە ماوەیەکی گونجاو کە لە (٦) مانگ زیاتر نەبێت، بڕیاریان لەسەر بدرێت بە لابردنی کەپرەکان، یاخود مانەوە و ڕێکخستنەوەیان لە چوارچێوەی ناوەڕۆکی هاتوو لەم بەرزەفتەیە و یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان.

## بڕگەی سێیەم/ ڕێکارەکانی پێدانی مۆڵەت:

١- لەبەر ئەوەی کەپر بە پرۆژە هەژمار دەکرێت، مۆڵەت دەدرێت بەپێی ڕێکارە پەیڕەکراوەکان بۆ پێدانی مۆڵەتی بینا لە ناو سنووری شارەوانی و دەرەوەی سنووری شارەوانی بەپێی پەیوەندیان لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان لە چوارچێوەی یاسا و ڕێکار و ڕێنماییە بەرکارەکان و وەرگرتنی رسومات.

٢- هەموو کەپرێکی گەشتیاری پابەندە بە وەرگرتنی مۆڵەتی گەشتیاری، بەپێچەوانەوە وەکوو سەرپێچی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، لە چوارچێوەی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکاندا.

٣- پێویستە لەسەر خاوەن کەپر ( ٢ساڵ) جارێک مۆڵەتی گەشتیاری نوێ بکاتەوە و لەکاتی وازهێنان لە کارەکەی پێویستە بە مانگێک پێش وازهێنان بە فەرمی ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتیی گەشتوگوزاری پەیوەندیدار بکاتەوە.

٤- لە ڕێگای لیژنەی دیاریکردنی ماوە، ماوەی بۆ دیاری دەکرێت بە ڕەچاوکردنی پێگە(موقع)ی جوگرافی و گوژمەی تێچووی پڕۆژە (بەمەرجێک هیچ کێشەیەکی یاسایی و هونەری و کۆمەڵایەتی نەبێت) بەپێی یاسای ژمارە (١ ی ساڵی ٢٠٢١) فرۆشتن و بە کرێدانی مولک و ماڵی دەوڵەت.

## بڕگەی چوارەم/ بەڵگەنامە و پێداویستییەکانی پێدان و نوێکردنەوەی مۆڵەت بۆ کەپری گەشتیاری، پێویستە داواکار ئەو بەڵگەنامانەی خوارەوە پێشکەش بە گەشتوگوزاری پەیوەندار بکات:

١- ناسنامە.

٢- ژمارەی مۆبایل و ئیمێلی داواکاری مۆڵەت.

٣- زانیاری کەسی (cv) گشت کارمەندان . ٪٧٥ کارمەندانی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بێت. لیستی ناوەکانی ستافی بەڕێوەبردن، هەروەها دیاریکردنی ڕەگەز و ئاستی خوێندەوارییان (بەڕێوەبەر+کرێکار) و تۆمارکردنی لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی.

٤- ڕەزامەندی یەکەی کارگێری .

٥- پشتگیری ئاسایش.

٦- وێنەی تۆماری نوێ (سند عقاري) بۆ شوێنی پڕۆژە ئەگەر مولکی تایبەت بێت و وێنەی گرێبەست ئەگەر شوێنی پڕۆژە بەکرێدان بێت.

٧- پاکانەی باجی دەرامەت.

٨- پشتگیری بەرگریی شارستانی.

٩- ناوی بازرگانی.

١٠- کارتی زانیاری و دوو وێنەی کەسی.

١١- بەڵێننامە (تعهد) بەپێی داواکردنی لایەنە پەیوەندیدارەکان.

١٢- وەرگرتنی ڕەزامەندیی هەر لایەنێکی پەیوەندیدار.

١٣- پرۆژەکە لە چوارچێوی یاسا و ڕێنمایی و پێوەرە هونەری و پلانسازییە بەرکارەکان پەسەند بکرێت و وردبینیکردنەوەی تەواوی مەرج و ڕێنماییە کارپێکراوەکان و پشتراستکردنەوەی و تەواوکردنی ڕێکارەکان بەپێی دەسەڵات و پەیوەندی تەواوی لایەنە پەیوندیدارەکان. لەبەر ئەوەی ئەو نەخشە و هێڵکارییە ئەندازەییانەیە کە هاوپێچی مامەڵەکە دەکرێن شێوە و قەبارەی پرۆژە ڕوون دەکەنەوە، کە بینای لەسەر بنیات دەنرێت و بەشێکی سەرەکییە لە پێداویستییەکانی مۆڵەت و بە لایەنی کەم پێوستە ئەم وردەکارییانەی خوارەوە لەخۆ بگرێت:

- وێنەی شوێنەکە بە گشتی لەگەڵ دیارکردنی شوێنی کەپرەکان بە ڕەنگی جیاواز.
- سایت پلانی شوێنەکە بەجۆرێک (ژمارەی کەپرەکان و ڕێڕەوەکان و شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێل و توالێت و شوێنی تابلۆی ڕێنمایی و ژووری ئیدارە و کۆگا و مینی مارکێت ..هتد) بە پێوەری گونجاو هەموو دووریەکان دیاربکرێت.
- نەخشەی (دوو و سێ دووریيەکان/ 2D,3D)ی پێکهاتەکانی ناو سایت پلانەکە دیاربکرێت لەگەڵ دیارکردنی ڕووی پێشەوە و کەرستەی بەکارهاتوو.
- دەرخستەی کەپر.

١٤- لە کاتی بینا لە هەر گۆڕانکارییەک پێوستە خاوەن پرۆژە لایەنی پەیوندیدار ئاگادار بکاتەوە بە وەرگرتنی ڕەزامەندیی واژووکراو بەدەر خۆی بەرپرسیارەتی هەڵدەگرێت.

١٥- لە کاتی جێبەجێکردنی پرۆژەکە، دانانی سایت پلانی پڕۆژە لە دەروازەی پڕۆژەکە.

**بڕگەی پێنجەم/ دەستهەڵگرتن لە مۆڵەتی کەپر.**

١- پاڵپشت بە یاسای گەشتوگوزار ژمارە (٩ی ساڵی ٢٠٢٢) ،خاوەن مۆڵەت بۆی هەیە دەستبەرداری مۆڵەتەکەی بێت بۆ کەسێک یان چەند کەسێک یان کۆمپانیا بە ڕەزامەندی دەستە، بە مەرجێک ڕەزامەندیی لایەنی ئەمنی لەسەر ئەو کەسە یان کۆمپانیایە وەربگرێت.

٢- پێویستە کەسی دەستبەرداربوو بۆی (المتنازل لە) هیچ پێشینەیەکی تاوانی نەبێت.

٣- لەکاتی دەستهەڵگرتن، لەسەر دەستبەردار گشت قەرزەکان و پاکانەی دەوڵەتی کردبێت و ئەستۆپاکیی باجی دەرامەتی هەبێت و پێویستە پابەند بێت بە هەموو مەرج و ڕێنماییەکانی دروستکردنی کەپر.

**بڕگەی شەشەم /** پابەندبوون بە یاسا و ڕێکار و ڕێنماییەکانی تایبەت بە لایەنە پەیوەندیدارەکان (کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، شارەوانی، شوێنەوار ، ژینگە، بەرگری شارستانی، گەشتوگوزار، تەندروستی،...هتد).

**بڕگەی حەوتەم/** بەدواداچوونی بەردەوام لە لایەن لێژنەکانی پشکنین لە بەڕێوەبەرایەتیی گەشتوگوزاری پەیوەندار سەردانی شوێنەکان بکات و ڕاپۆرتی وەرزی (٣ مانگ جارێک) بنێرن بۆ دیوانی دەستە. لە هەمان کاتدا دانانی پلانی ساڵانە لە لایەن گەشتوگوزاری پەیوەندارەوە بەڕەچاوکردنی کەپری دروستکراو (واقع الحال) و جەردی واقع حال لە ناوچە گەشتیارییەکان.

**بڕگەی هەشتەم/** ئەم مەرج و بەرزەفتەیە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ بکرێت.

**ساسان عەونی**

**وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار**